# ((ڤیان جاف بووە قوربانی بیرە هەڵەکانی ئاپۆ))

هەڵۆ ئامەدی
haloamady@yahoo.com

لەیلا والی حسێن کە بە ((ڤیان )) ناسرابوو خەڵکی شاری سلێمانی بووەو گەریلایەکی  پێشکەوتووی HPG بووەو لە رۆژی یەکی شوبات لەچیای "هەفتانین"ی سەر سنووری باشوورو باکووری کوردستان لە کردەوەیەکی زۆر ناپەسەند بووە کۆچی قوربانی و خۆی سووتاند .

پەکەکە (کە ئێستا بەڕاستی نازانم ناوی چیە چونکە وەکو مار چۆن مار وەرزانە پێستی خۆی دەگۆڕێت ئاواش ئەو حزبە وەرزانە ناوی دەگۆڕێت) .

هەمیشە لەدوای خۆسووتاندنی ئافرەتێك هۆیەك هەیە ، کە زۆربەی سووتانەکان بۆ زوڵم لێکردنی دەگەڕێتەوە لە رووی مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان ، بەڵام کاریگاتە ئەوەی کە ئافرەتێکی رۆشنبیری وەکو ڤیان جاف کە ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبێك بێت حەتمەن فشارێکی سیاسی لە پشتەوە بووە .

پەکەکە کە ئێستاش بیرۆکە هەڵەکانی ئاپۆ  لە بەندیخانەوە رێبەرایەتی دەکات ، ئەندامەکانی خۆی وا لێکردووە کە تاڕادەی پەرستن ئۆجەلان پیرۆز بێت لایان .

ئۆجەلان کە هەموو نیشتمانپەروەرێکی شەرمەزار کرد کاتێك لە  پشت ئاڵای تورکەوە گووتی ((من دایکم تورکە و ئامادەم خزمەتی تورکان بکەم)) بۆ دەبێت ڤیانێکی رۆشنبیر خۆی بۆ بسووتێنێت ؟

هیچ ماقووڵ نیە کچێك کە بەپێی لێکدانەوەکانی پەکەکە لە لوتکەی رۆشنبیری و بیرمەندی بووبێت و ئەو بڕیارە هەڵەی دابێت .

دڵنیام لەوەی کە سەرکردایەتی  پەکەکە کە عوسمان ئۆجەلان پەیرەوکاری ئەهجی براکەیەتی وای لە ڤیان جاف کردووە کە بەزۆری خۆی بسووتینێت ، ئۆجەلان هیچ باکی نیە هەموو ئەندامەکانی خۆیان بسسووتێنن بۆ ئەوەی فشار لەسەر دەوڵەتی تورکیا درووست بکەن و ئەو ئازاد بێت .

هیچ دوورنیـیە ماوەیەکی تر سەرکردایەتی پەکەکە داوا لە فایەق گوڵپیش بکەن کە خۆی بسووتێنێت ، چونکە ئەو سکرتێری حزب نییە بەڵکو پەیڕەوکاری بەرنامە هەڵەکانی ئۆجەلانە .

چەندیش بیەوێت خۆی گەورە نیشانبدات هەر بچووکە لە چاوی پەکەکە .